# سینەما وەک پارادایمی ژیانێکی تر

شەنگار سابیر

مێژووی پیشەسازی و چینە سۆسیۆلۆژییەکان، کۆتاییيان بە مێژووی سەردەم و زەمانی میسیۆلۆگیا هێنا و بازێکی سیاسی، ئایدۆلۆژی و بوونخوازانەیان بەسەر ترادسیۆنالیستی ڕۆژاواییدا دا. لە ڕاستیدا، پیشەسازی و هێنانە ناوەوەی کەرەستە و ئالەتە نوێیەکان بۆ ناو ماترێکسی دوای ڕێنیسانس، باڕۆک و رۆکەکان، بوونە کۆتایی شتگەلێک، کە ڕووح و بوونیادیان لە میسۆلۆگیاوە هاتبۆوە ئێرە. لە ڕاستیدا وەستان لە بەردەم شکۆی ئەو مێژووە و پاشانیش هەزاران ساڵ تەماهیکردن لەگەڵ فینیۆمینۆلۆژیایی شتەکان و هێزەکان، لە ناکاویش ونبوونیان ئەستەمە. گەشەی تەکنیک و سەرهەڵدانی هەموو بزووتنەوە شۆرشگێڕەکان، لە قۆناغە یەک لەدوای یەکەکانی پێنجسەد ساڵی ڕابردوو، دەرنجامەکانی بە درووستبوونی هەموو ئەو کەرەستانە کۆتایی هات، کە هێز و پێوەندییەکانیان هێنایە ناو ژیانی

نوێوە و لێرەشەوە، هاوتای فیکر، فەلسەفە، هونەر و سینەما، وەک بەرگریکارێک لە پارادایمە نوێیەکە، سەری هەڵدا و بووە بەشێک لە هێز و دەسەڵاتی چینە کۆمەڵایەتی، سیاسی و فیکرییەکان. سەرهەڵدان و گەشەکردنی سینەما، جیاواز لە هونەرەکانی تر، لە سەدساڵدا، کۆمەڵێک قۆناغی گرینگ و ترسناکی تێپەڕاند. وەک دەبینین مێژووی دوو پارادایمی هونەری و تێپەڕاندنی ڕەهەندێکیان لە ئەویتر، جار هەبوو سەدان ساڵی ویستووە. مێژووی پەیکەرسازیی، هونەری شێوەکاریی و کەم تا زۆر، لە مۆسیقاشدا بەمجۆرە بووە. دەکرێت کەمێک لەم پێشەکییە دوور بکەوینەوە تا شتگەلێکی تر، بڵێین و فەلسەفیانە، بەرگری لە گوتار و بیرکردنەوەمان بکەین.

لە ئێستادا، سینەما شەڕێک لە نێوان دەسەڵاتەکاندا دەکات، هەڵبەت دەسەڵات بە مانا فراوانەکەی، ئەو دەسەڵاتەی سەراپای پێوەندییەکان، لە نموونەی باڵاوە تا ئەو دەسەڵاتەی میشێل فۆکۆ باسی دەکات.

مەبەستمە لێرەدا ئەوە بڵێم، سینەما ئیدی لەو قۆناغەدا نەماوە، کە تەنیا هەڵگری یەکڕەهەندی پیشەسازیی و خۆبچووککردنەوەی ناو کۆمەڵێک ئامێری مۆدێرن و سەرەتای مۆدێرنە بێت. سینەما بۆتە ئەو سەرزەمینەی، کە ئێمە تێیدا هەم بەر ڕیاڵ دەکەوین، هاو کات بەر ئەندێشە، زەمینەخەیاڵ و ڕەمزییەکانیش.

لە قۆناغی کلاسیکدا، چەند ڕەوتێک لە سینەما هەبوو، کە وردبین نەبوون، لە بەرانبەر بە ئیشکالکردنی "ئۆبژێکت"ەکان، پێوەندی هێزەکاندا، وەک چۆن فیلۆسۆفی فەرەنسی "ژیل دۆلۆز"، کە جیاوازی لە نێوان سینەمای کلاسیک و سینەمای مۆدێرندا دەکات. سینەمای مۆدێرن، وەک ئاکتێکی ئەندێشەمەندانە وەردەگرێت و لە ڕێگەیەوە ئەو خەیاڵە ئەبستراکتە سووژەییە دەکات بە بەرهەمێک بۆ بینین، بیرکردنەوە و تەماهیکردن. واتە سینەمای مۆدێرن ئەبستراکتەکان بە جۆرێک تێکەڵ بە ژیان دەکاتەوە، کە ببنەوە بە شێوازێک بۆ بیرکردنەوە و تەماهیکردن لە ناویدا.

## • سینەما وەک پارادایمێکی پلاتۆنیی:

نموونە باڵاکان و شەڕی گەورەی فەلسەفەی کلاسیک، لە دیالۆگەکانی ئەفلاتۆندا، دەسپێکی یەکەمین شارستانیەتی فەلسەفین، کە هەبووەکانی ناوی لە ماناکانی عەدالەت، سیاسەت، بوون و دیالێکتیک، هێزەکان و ئێستەتیکا دەکۆڵنەوە. نموونە باڵاکان، چەنێک بەرهەمی فەلسەفەی ئەفلاتۆنن، هێندەش بەرهەمی هێزە ئەفسانەییەکانی گرێک، میزۆپۆتامیا و میسرن. بە مانایەکی تر، نموونە باڵاکان چەنێک نموونەی هەندەسەتەیی بن، هێندەش نموونەی فیگۆراتیڤی ئەفسانەکانن. سینەما یەکێک لەو پارادایمانەی بۆ بەرهەمهێنان وەری گرتووە و کەم تا زۆر هەندێک لە دەرهێنەرەکان ئیشی لەسەر دەکەن، نموونە باڵاکانن، کە لای هەندێکیان، وەک هێزی فیگۆراتیڤی وەری دەگرن و هەندێکی تریان، وەک سیمبۆلاتیک بە کاری دەبەن.

ئەوانەی، کە لەسەروو ئێمەوەن، بەشێکن لە نموونەیەکی بچووکتر لەوان و بەردەوامیش خۆمان و ئەوان دەخەینە ژێر پرسیارەوە. ئیدی تەنیا هەڵگری ڕەهەندێکی فەلسەفی نییە، بەڵکوو ڕەهەندە سینەماییەکە، زۆر قووڵتر و بە بەهانەتر لێی دەدوێت، بە کێشەی دەکات و پرسیاری لێدەکات. لە ڕاستیدا، ئەم جۆرەیان لە سینەما، هێشتا ئیعتیبارە فەلسەفییەکان دەپارێزێت و وەڵامی پرسیارەکان ناداتەوە، تەنیا خۆی پرسیار دەکات، تەنیا خۆی شتەکان بە ئیشکال دەکات و لە ناویاندا دەژی. ئەمە لە کاتێکیشدا ئەم چەشنە لە سینەما، پشت بەو پرسیارانە دەبەستێت، کە لە نۆمینۆلۆژیادا دێن و دەچن. قسە لەو هێزانە دەکات، کە ئێمە ئاڕاستە دەکەن و شەڕمان دەکەن.

لێرەدا، ئێمە دەرگیری جۆرێک لە ئۆنتۆلۆژیا دەبین، کە لە بنەڕەتدا ئۆنتۆلۆژیای ئێمە نین. دەرگیری جۆرێک لە ماهییەت دەبین، کە ماهییەتی ئێمە نین و دنیایی نوێ، وەک جێگرەوەیەکی ئۆتنۆلۆژی لە ئێمەدا جێگیری دەکات و دەیژێنێت.

**سینەمای چاکە و خراپە:** سینەما، وەک پارادایمێکی ترادسیۆنالیستی نۆمینـــای چاکــە و خراپــە، لە مێژوودا و بە تایبــەت چاکە و خراپــە، وەک "کۆسمۆگۆنیا" لە لاهوت و ئایینەکانی تری خۆرهەڵات، هەتا ئەم چرکەساتەش، جێگەی هەڵوەستە کردنە. چاکە و خراپە، کە دەبێتە تێگە (concept)یێکــی فینۆمینیایــی، ئیدی دەبێتــە ماهییەتی مــرۆڤ لە کردار، هەســت و بەها پێدراوەکانــدا. چاکە و خراپە، کە دێتــە ناو ســینەماوە، بە هەمان هێزی ئاییـنــی و هیومانییەوە دێت. دەبێتە جۆرێک لە پارادایم لە ســینەمادا و کەم تا زۆر، فۆرمیوولەی چەشنێک لە بینەر دەکات. لە ڕاستیدا سینەما بەدەر نەبووە لەوەی، شــوێن و کات، بۆ تێگە ترادســیۆنییەکە دیاری بکات، بەردەوام و لە ئێستاشــدا ســینەمای ئەمریکی لەســەر هەمان بۆتیقا ئیش دەکات. لێرەدا، من لەســەر ئەوە ناوەســتم ئەم فۆڕمە باشــە یاخود خراپ، بەڵکوو مەبەستمە لە مەترسییەک بدوێم، کە ئەم پارادایمەی سینەما درووســتی دەکات. چاکە و خراپە، وەختایەک لە ئاســمانەوە، وەک ئیمانانــس دادەبەزێتە خوارەوە و دەســەڵاتی خۆی بەناو مرۆڤەکاندا بــڵاو دەکاتەوە، دەبێتــە جۆرێک لە تەوتەم بە مانــا فرۆیدییەکەی، دەبێتە جۆرێک لە ناســاندن و شوناســدانی ئاســمانیی بە مرۆڤ و مرۆڤــەکان لە یەکدی جودا دەکاتەوە. ئەگەر ســینەما ئیشــی ئەوە بێت بەردەوام پێمان بڵێت: هەمیشە چاکە بەسەر خراپەدا زاڵدەبێت و ئیــرادەی چاکە، ئیرادەیەکی نەمرە، ئەوا ســینەمای ئەمریکایی لە ئێســتادا، جگە لە بایبلێکی پەرش و بڵا و دۆگمایەکەی ترادســیۆنی چاکــە و خراپــە هیچــی تر نییە. لــەم نێوەندەدا، فیلمــی زۆر باش درووســت دەکرێــت، بەڵام ئایە ئیدی شــەڕی مرۆڤ لەم کایۆســەدا شــەڕی چاکە و خراپەیە؟ یان شــەڕی هێزەکان و ویستی هێزە؟ ئەو نموونــە باڵایەی لە پارادیمە ئەفلاتونییەکەدا دەیبینین، خۆی تێکەڵ بە ڕووحی عەدالەت، چاکە، خراپە و کۆمەڵگەیەکی نموونەیی دەکات، لە ســینەمادا و نموونە ئایدیال و باڵاکان، هەمیشــە دەبنە ئیرادەی چاکە، ئیرادەی ژیان و ژیانێکی باش.

## ● سینەما و دەستپێکە ئایدۆلۆژییەکانی تر:

دەبێت سینەما بەردەوام پەیامی هەبێت؟ سینەما، لە دوای ئەم پرسیارە دەبێتە دەمڕاستی "ستەمکاری" و فیلمگەلێک دێنێتە بوون، کە لە بنەڕەتدا ئیشی سیاسەت و بنەمە ئەکادێمییەکانی دەسەڵاتە. بەو مانایە نا، کە سینەما گوتاری سیاسی و ئایدۆلۆژی نەبێت، بەو مانایەی سینەما لە کوێدا شەرعییەت بە بوونی ئایدۆلۆژی خۆی دەدات، وەک دەمڕاستی بزووتنەوەیەکی دیاریکراو و فۆرمیوولەکراو. گوتاری سینەما لە بنەڕەتدا، گوتاری هەموو چینە سیاسی و ئایدۆلۆژییەکانە، یاخود گوتاری جۆرە ئایدیا و لۆگۆسێکی ترە؟ ئەم جۆرە لە سینەما، بەردەوام ئایدۆلۆژیا و گوتارە جەماوەریی و نیولیبڕالییە، کە وەک پاڵەوان و دوا فریادڕەس نمایش دەکات . هەڵبەت بەو مانایەی "ترادسیۆنی چاکە و خراپە" و نموونە باڵاکان دەگوازرێنەوە ناو ئەم پارادیمە و خۆیان تێکەڵ بە گوتاری ئایدۆلۆژی و سیاسی دەکەن، کە ئێمە دەڵێین: سینەما دەبێت پەیامی هەبێت و پرسیار دەکەین، ئیدی سینەمایەک لەدایکدەبێت، هەڵدەکوتێتە سەر کایۆسێک، کە دژە پەیام و خۆی لەنێو ئامادەکانی "جیهانی نوێ"دا دەشارێتەوە. بە قەولی "ژیل دۆلۆز" دەبێت بەردەوام لە ئەگەری ڕووداو و لەدایکبوونی سینەمایەکی نوێدا بین، لە منداڵدانی ئەوانی تردا. بەردەوام لەدایکبوون و مێتامۆرفیس بوون لە ناو گوتارە ئایدۆلۆژی و ئاڵاهەڵگرەکاندا، ئیدامە بە لەدایکبوونی سینەمایەکی نوێ دەدات، وەک دەمڕاست و سەر ڕیخستنی بزووتنەوەیەکی ئایدۆلۆژی تر. لە ڕاستیدا دەتوانین ئەم چەشنە لە سینەما، وەک ئاوێنەیەک دابنێین، کە هەر هێندە سەیری خۆتت کرد، ئیدی خۆت نابیت و خۆت نیت. بەمانایەکی تر، ئەم ئاوێنەیە تا ئەو شوێنە خۆت نیشاندەدات، کە خۆتیت و دەرک بە بوونی ئەبسێردی خۆت دەکەیت، بەڵام دەسەڵاتی سیستێماتیکی ئەم ئاوێنەیە و گوتارە ستەمکارانەکەی لە بوونی ئەبسێردی خۆتت دوور دەخاتەوە و دەتخاتە خزمەت گوتاری خۆیەوە و ونت دەکات. ئیدی بەردەوام لە ناو گوتارەکاندا بە دوای خۆتدا دەگەڕێیت و هەر پارچەیەکت لە کۆنتێکستێکدا جێماوە، هەر

چرکەیەکی بیرکردنەوەت، تێکەڵ بە وێنە گشتییەکەی ئەوانی تر بووە و ئیدی تۆش یەکێکی وەک ئەوان، ئەمەش هیچ نییە جگە لە ستەمکاری.

## ● سینەما و پارادایمە ئەبسێردەکە:

کامۆ لە شوێنێکدا دەڵێت: ئەبسێرد شتێکە یەکجار تێکەڵی بوویت تا کۆتایی تیایدا دەژیت. هەستکردن بە ئەبسێرد و دابەشبوونی ژیان لە نێوان سێ فیگۆردا، کە سێ سینەمای ترسناکی ئەبسێرد درووست دەکات، ئەوانیشت بریتین لە "کریلیۆڤ، کالیگۆلا و جۆزێف ک". ئەم سێ فیگۆرە نەمر و ترسناکە ئەبسێردە، دواجار دەبنە بوونیادی تەفسیرکاری جیهانە ترسناکەکەی بوون و بیرکردنەوە. ئەگەر کریلیۆڤی دیستۆیڤیسکی لە پێناو ئازادیدا ئەبسێرد هەڵبژێرێت، ئەوا کالیگۆلا، لە پێناو بیرکردنەوەی ئەبسێردیدا، بەدوای ئازادیدا دەگەڕێت. تەنیاتر و غەمگینتر لە هەردووکیان "ک"ی فرانز کافکایە، کە ئازادی ئەم، وابەستەی تەنیایی و هەستکردنە بە نامۆیەکان، تەماهیکردن لەتەک ئۆبژەی ناو سیستێمەکان و بێدەنگبوون و ژیان لە ناویاندا. سینەمای ئەبسێرد لە بنەڕەتدا ئەو سینەمایەیە لەسەر قووڵترین و بریندارترین کۆنسێپت دەوەستێت و هەر لێرەوە باس لە ئازادی و کایۆس دەکات. ئەم چەشنە لە سینەمای ئۆنتۆلۆژی و دەرککردن بە ئۆنتۆلۆژیایی بوون و شتەکان، ڕاستگۆترین چەشنی سینەمایە لە کایۆسی خۆیدا.

سینەمای کریلیۆڤی چەشنە سینەمایەکە، کە لە پێناو ئازادیدا، سووژە دەستبەرداری دیاردەکانی پووچی دەبێت و ئیدی قسەیان لەسەر ناکات، بەڵام لەناو خودی دیوارەکەدا دەژی و فیلم بەرهەم دەهێنێت، لەناو دیوارەکەدا، دیوار گەلێکی تر دەخولقێنێت، کە دەبنە ڕووی ڕاستەقینەی سینەماکە و بەرهەمەکانی بیرکردنەوەی دیوارەکانی پووچی. سینەمای کریلیۆڤی بەدوای ڕاستیدا وێڵە، ڕاستی لە ئاستی ئەبسێرد و ڕەخنە لە پەیمانە سرووشتییەکان و دانپێدانانەکانی "ژان ژاک ڕۆسۆ"، کە ڕووی ڕەسەنی ڕیاڵیەتی وندەکەن و لەباری دەبەن.

سـینەمای کالیگۆلای، سـینەمایەکی پڕ خوێنە، بەڵام خوێنڕشتن بە چەشـنێک، کە بڕوای پێدەکەین، خوێنڕشتنێک، کە بێباکانەیە و لە پێناو ئازادی سـووژەیدایە، نەک لە پێناو داگیرکاری و دەسـەڵاتدا. کالیگۆلا و ئەم چەشـنە لە سـینەما تەنیا ئیشـی قووڵترکردنەوەی ئـەو برینە ئۆنتۆلۆژییەیە، کە ئەوانی تر، ئازادیت زەوت دەکەن و لە ئەبسێردت دوور دەخەنەوە. ویستی داگیرکردنی مانگ لای کالیگۆلا، ویستی ڕاستەقینەی مرۆڤی ئەبسێردە بۆ ئازادی، هەستکردن و بوون بە سـووژە. ئۆنتۆلۆژیایی دووەمی سینەما، ئۆنتۆلۆژیایی نیشاندانی برینـە گەورەکـەی مرۆڤە و شەڕکردنیشـە، لە پێناو ئـەم برینەدا. خواردنەوەی خوێنی خۆتە لە دەمی ئەوانی تردا. شـەهدی نۆشـینی ئایدیایی نەمر و باڵایە.

"جۆزێف ک"ی فرانز کافکا، ئەو پاڵەوانەیە، کە بەردەوام سەروکاری لەگـەڵ گوناهی یەکەم و سیسـتێمدا هەیە. مرۆڤێکە، کە هەمیشـە بەڕێگاوەیـە و هەرگیـز نـاگات. مرۆڤێکـە، کـە بەردەوام بـە دوای دادگەیەکـدا دەگەڕێت تـا تاوانی مرۆیی خۆی تێـدا خاڵی بکاتەوە. دەکرێت بڵێین: سـینەمای کافکای، سینەمایەکە، کە ئەنترۆپۆلۆژیانە بـاس لە مـرۆڤ دەکات. ئەبسـێردی کافکا، ئەبسـێردێک نییە، کە مـرۆڤ بـەدوای ئازادیدا بگەڕێـت، بەڵکوو ئەبسـێردێکە، کە ئیدی دەتهەوێت تەنیا بیت، دەتهەوێت بێدەنگ بیت و خۆت لە دنیا نیهان بکەیت. سینەمای کافکای، سینەمای هەڵچوون و داچوونەکانی هێز و مرۆڤە. سینەمای کاتەگۆرییە لێکدابڕاو و ئەبستراکتەکانە .. ئایە کێ دەتوانێت لە سینەما و ئەبسێردی کافکاییدا بژی؟

## • پارادایمی لارس ڤۆن ترێر و قسە تەواونەکراوەکانی نیچە:

### فیلمی نایفۆمانیاک وەک نموونە

هەموو ئەو قسانەی پێشتر کردمان و هەڵوەستەمان کرد، کەم تا زۆر لە سینەمای لارس ڤۆنترێری دەرهێنەردا، بوونیان هەیە و قسەکانمان بۆ ئەوە بوو تا هەندێک قسە لەسەر فیلمی "نایفۆمانیاک" بکەین و بەرگرییەکی نیچەیش لە قسەکانمان بکەین. ئەوەی، کە دەبێت بیخەینە خزمەت قسەکانی پێشوومان، بوونی ویستی هێز و چێژی "دیۆنۆزیسییە." سەرەتا دەبێت ئەوە بڵێین: لارس ڤۆنترێر ئەو دەرهێنەرەیە، کە هەمیشە سەرخۆشە و وەک ئەوەی دیۆنۆزیسێک و نیچەیەک بەردەوام لەناویدا بژین. پێوەندی هێزەکان و پرسیارە گەورەکان لە فیلمی نایفۆمانیاکدا، بە جۆرێک قووڵ و تەماوین، کە ناچارین بگەڕێینەوە سەر هەندێک تێکست و پاشانیش خۆمان سەرخۆش بکەین و بە مەستی لە کایۆسەکە بڕوانین، کایۆسێکی بەتاڵ و ژیانێک، کە هیچ بەهایەکی نییە. بەڵام دواجار ئیرادەی هێز، ویست و پێوەندییەکان، وەک ئەبەدییەت لەناوماندا دەژین و دەمردن، هەندێک جاریش بۆ ئەبەد دەگەڕێنەوە، ئەمەش پێی دەوترێت: گەڕانەوەی ئەبەدیی!

پرسە کەینونەیەکانی بوون و تیۆری سادییەت، ئایدۆلۆژیا و پاشان دانپێدانان لەبەردەم مرۆڤێکی "ئێدگار ئالان پۆیی"، وەک ئەوە وایە، سەری خۆت ببڕیت، پاشان بەدیار تەرمەکەی خۆتەوە دابنیشیت و جگەرەیەک بکێشیت. ئایە هێزەکانی ناو مرۆڤ، پێوەندییەکان لەناو نابەن تا ئەوەی دەیانەوێت بیناسن، بیکوژن؟

سینەمای ڤۆن ترێر، سینەمای ترسە گەورەکانی بوونی مرۆڤە. سینەمای دانپێدانانەکانی مرۆڤە بۆ هەموو تاوان و چێژە ئۆنتۆلۆژییەکانی بنەڕەتی بوون. بە مانایەکی تر، سینەمای ڤۆنترێر، سینەمای پێشمەرجە ئۆنتۆلۆژییەکانە لە شوێنکاتی ڕابردو و شوێنکاتی گێڕانەوەدا. بە بڕوای من، ئەم پێشمەرجە ئۆنتۆلۆژییە لە سینەمای

ڤۆنترێردا، دواجار سەر ڕێخستنی پرسگەلێکی ترە، تا چاوێک بە بوونی خۆتدا بخشێنیتەوە و هێزەکانی ناو سووژە بپارێزیت. فیلمی نایفۆمانیاک ترسناکترین و ڕەسەنترین جۆری ئەو فیلمانەیە، کە باس لەم پێوەندییە ترسناکانەی مرۆ دەکات، لە نێوان هێزە ئۆنتۆلۆژییە ئێگزیستانتیالیستییەکان و هەڵگەڕانەوە مێتافیزیکییەکانی مرۆڤ. باس لەو دەسەڵاتە دەکات، کە لە ڕابردودا جێمان هێشتوە و ئێستاش لە ڕێگەی خوداوەندێکی وەک دیۆنیسیۆس و ویستی هێزەوە، دەسەڵاتەکە بەدەست دێنینەوە و پاشان هێزە نائۆنتۆلۆژییەکە، لەناو دەبەین و دەیکوژین. دەسەڵاتێک، کە ئیمانانسانە بەناوماندا دێت و دەچێت و شتگەلێکی ترسناک دەگێڕێتەوە.

ئایە ئەگەر تەماهیمان لەتەک هێزەکاندا نەبێت و بەدوی پرسە کەینونەییەکانی ئۆنتۆلۆژیایی مردن و ژیاندا نەچین، دەتوانین سینەمای ڤۆنترێر بێخینە ژێر چەتری فەلسەفە و فەلسەفیانە دەرگیری بین؟

ئەمانە و چەندین پرسی تری نیچەی وجوودی، خۆیان لە سینەمای ڤۆنترێر و بەتایبەتیش فیلمی نایفۆمانیاکدا دەپارێزن و تۆش لە ڕێگەی پێوەندی هێزەکانەوە، سووژەبوونی خۆت دەپارێزیت و ژیان دەکەیت.